

## نەجمەدین غولامی:

# ئەمساڵ چەند کۆنسێرتێکم بۆ ئاوارەکانی بناری قەندیل کرد

**هونەرمەنـــد نەجمەدیـــن غولامی خەڵکـــی رۆژهەڵاتی کوردســـتانەو ماوەی چەند ساڵێکە لەدەروەی وڵات دەژی، ئێستا لە وڵاتی سوید لە گەڵ خێزانەکەی ژیان بەسەردەبات. نەجەمەدین غولامـــی لەدیمانەیەك لە گەڵ گوڵان باس لە یادەوەریەکانی سەردەمی پێشمەر گایەتی خۆی دەکات.**

**ئا.رۆشنە عومەر**

### تەمەنم 14ساڵ بوو یەکەم گۆرانیم تۆمارکرد

نەجمەدیـــن لەبـــارەی یەکـــەم بەرهەمی دەڵێ، لەتەمەنی 14ســـاڵی بووم یەکەم بەرهەمی خۆم تۆمارکرد. کە ئاوازی خۆم بوو بەناوی «نەخۆشـــم مەستم دووچاوی کاڵم» تێســـکتەکەی هـــی وەفایی بوو. هەروەهـــا ئاماژە بەوەشـــدەدا کە نزیکەی 10_15بەرهەمی هەیە لەسەرکاســـێت. دەڵێ، ئەوکاتە ســـیدی نەبـــوو هەروەها8 سیدیشـــم هەیە زۆربەی ئاوازەکانیان هی خۆمە. هەروەها ســـروودی نیشـــتمانیش لەبەرهەکانم دا هەیە. ئێســـتاش کۆمەڵێك گۆرانی نیشـــتمانیم ئامادەکردووە بەنیازم تۆماریان بکەم و کلیپیان بۆبکەم.

### هەموو ئاواتم ئەوەیە بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان

نەجمەدین زۆر حەزدەکات بەیەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان، وەك خۆی باسی لێوەدەکات و دەڵێ: چەند جارێـــك داوام لەبەرپرســـانی حکومەت کـــردووە بۆئەوەی بگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام بەهانامەوە نەهاتوونە.

### چەند کۆنسێرتێکم لەکوردستان ئەنجامدا

نەجمەدین دەڵێ ئەمســـاڵ چەنـــد کۆنســـێرتێکم لـــە کوردســـتان ئەنجامـــدا، لەهەریەك شـــارەکانی هەولێر و کفـــری رانیە و کەرکوك بۆ ئاوارەکانی بناری قەندیل.

### کۆنسێرت کردن زۆرگرنگە بۆنەوەی ئێستا

نەجمەدیـــن لەبـــارەی گرنگی کۆنســـێرت بۆ هونەرمەند وتی: پێویســـتە ئـــەو هونەرمەندانەی کەتوانایان هەیـــە لەبواری خۆیان دانەبڕێن و هەروەهـــا خەڵکەکەش فێری فەرهەنگێکـــی تر نەبن، ئەو هونەرمەندانەی کە جێگەی پەنجەی خۆیان دیـــارەو هونـــەری کوردیان تا ئەمرۆ هێناوە پێمخۆشـــە لایەنە پێوەندیندارەکان بەســـەریان بکەنەوە بۆئـــەوەی گەنجی ئێســـتا بزانێت هونـــەری کوردی چۆنـــە، چونکە ئەمرۆ هەندێ هونەرمەند پەیدابوونە کەهونەری کوردیان چەواشە کردووە

گۆرانی عەرەبی تورکی وەردەگێڕن دەیکەن بەکوردی.

**هونەری کوردی تووشی قەیران بووە**

نەجمەدیـــن پێیوایـــە ئێســـتا زۆرێـــك لەهونەرمەندان هونەری کوردیان تووشـــی قەیـــران کردووە. بەهۆی ئەوەی ســـتایلی بیانی تێکەڵ بەهونـــەری کوردی دەکەن، گـــەر دەیانەوێ ســـوود لەهونەری بیانی وەربگـــرن، با بەشـــێوەیەکی زانســـتیانە وەریبگرن.

**زۆرخۆشحاڵم ئافرەت دێتە نێو بواری گۆرانی وتن**

نەجمەدیـــن زۆر خۆشـــحاڵە بـــەوەی کەم ئازادیـــە لەکوردســـتان هەیە بـــەوەی کە ئافرەت دێتە نێو بواری هونەری گۆرانی وتن، بەڵام دەشـــڵێت: لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئەو هونەرمەندانە لاســـایی هونەرمەندانی عـــەرەب و تورك بکەنەوە، چونکە ئێســـتا زۆربـــەی گۆرانیبێـــژەکان کاتێك گوێت لەگۆرانیەکانیـــان دەبێـــت نازانـــی ئەمە گۆرانی کوردیە تاکو گوێت لەتێکستەکە نەبێت.

**کۆلێژ و پەیمانگاکان لەسەبنەمای هونەری نین**

نەجمەدین لەبـــارەی کۆلێژ و پەیمانگای هونەرەجوانـــەکان دەڵێـــت، ئـــەم کۆلێژ و پەیمانگایانە لەســـەر بنەمـــای هونەری کوردی نینە. بەڵگەشـــم هەیـــە بۆئەمە ئەگەرسەیری ئەرشیفی ئەم پەیمانگایانە بکەی بزانە چەند ســـەرچاوەی هونەری تێدایـــە تاکو ئەم قوتابیانـــە گوێ بگرن، بۆنموونـــە بزانـــن میوزیکـــی بابان چیە ناوچەی شکاك و بادینان چییە من لێرەوە پرســـیار لەو قوتابیانە دەکەم کە لەکۆلێژ و پەیمانگایانە دەخوێنن ئایا دەزانن میوزیکی بابان چییە؟ بەدڵنیاوە دەزانم نایناســـێت. ئێســـتا حکومەت ئەزیەتی ئەوە دەکێشێت کـــە رێکخـــراو و کۆلێـــژ دادەمەزرێنێت، تەنیا بۆئەوە دانەمەزرێنێت بڵێن کۆلێژمان هەیە، دەبێت خزمەتـــی بنەمای هونەری کوردی بکات. بۆنموونە ئێمە تاکو ئێســـتا ناوێکی تەواو مان نییە بۆلاوك و حەیران، لەرۆژهەڵات دەڵێین «ماهور» لە رۆژئاوا دەڵێین «عەجەم « لەبواری راستەقینەی هونەری کوردی ئێمە لەبواری لاوك وحەیران و ئاوازەوە زۆر دەوڵەمەندین، بەڵام بەداخەوە لەبواری لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی زۆر هەژارین.

**خۆشترین یادگاریم لەو کاتەی پێشمەرگە بووم**

نەجمەدیـــن دەڵێ، خۆشـــترین یادگاریم ئەوکاتەبوو کەپێشـــمەرگەبووین لەشاخدا، لەگوندێك بووین شوێنی تایبەتمان نەبوو، شـــوێنی مانگاو ئاژەڵانمان پاکردەوە، جارێکیـــان بەنیـــازی تۆمارکردنـــی گۆرانیـــەك بـــووم، لەنـــاوکا مانگایەك ســـەریی کردە پەنجەرەکەوە کردیە بۆڕەبۆڕ و تۆمارکردنەکەی لـــێ تێکداین، دوایی دەرمان کرد دیســـان هاتەوە دەستی کردەوە بە بۆڕەبۆڕ.

**لەکۆندا پیاو بەیەك دیداری خۆشەویستەکەی دڵی خۆش دەبوو**

نەجمەدین پێیوایە هونەرمەند گەر ئاشـــق نەبێـــت، ناتوانێـــت کاربـــکات، چونکە گەرخۆشەویســـتی نەبێت ژیان دەمرێت. هونەرمەند نەجمەدین غولامی وەك باســـی دەکات و دەڵێت: خۆشەویســـتی ئێستا وەك خۆشەویســـتی کۆن نییە، لەکۆن دا پیاو بەیەك دیـــداری خۆشەویســـتەکەی دڵی خۆش دەبوو، بەڵام ئێســـتا بەداخەوە لەبەر تەکنۆلۆژیای سەردەم خۆشەویستی بۆتە رابواردن.

**لەشاخیشدا گۆرانیمان تۆمار دەکرد**

نەجمەدین دەڵێ، بۆ یەکەمجار کەر رووما‌ن لەشـــاخ کـــرد ویســـتمان کاری هونەری بکەین، من و هونەرمەند ناســـری رەزازی و کۆمەڵێك هونەرمەند بووین، کۆڕێکمان دانە بەنـــاوی فۆرمی میوزیکی بانگەواز ئەوکاتیش بەرهەمەکانمان زۆر بەباشـــی لەنێو قوتابیەکانی کۆلێژ بڵاو دەبووەوە.







# ڕێزلێنان لەبەرچاوگرتنی ماندووبوونی هونەرمەندانە

*سەنتەری رۆشـەنبیری هونەری هیوا لە کەرنەڤاڵێکی شایستەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بە هونەرمەندی گەورە و خاوەن ئەزموونێکی گەورەی چەند سـاڵ خەباتی هونەری کرد، هونەرمەند ئەحمەد سـالار لەساڵەکانی شەست و حەوتەوە دەسـتی کردووە بە کاری هونەری و خاوەنی ١٣٢ کاری هونەریە کە ٢٨ کاری تایبەتە بە شـانۆ و دواهەمین کاری هونەری شانۆیی دەرهێنانی شانۆیی بێکەسە.*

*ئا: ژینۆ عەلی*

هونەرمەند ئەحمەد سالار ”ئەوەی لەم ئێوارە ڕێزلێنانە کە هەستم پێکرد ساڵەهایە کە لەم بـوارەدا کار دەکەم کە لە شەسـت و یەکدا یەکەمین بەرهەمی شعریم بڵاوبووەتەوەو لە شەست و حەوتەوە کاری شانۆم کردووە، ئەوە نزیکەی نیو سـەدە دەکات، بەڵام ئەوەندەی بەختەوەرم لە تێشـوی ئەم سەفەرە درێژەدا تەنیا کێشەی سەرەکیم خەمی گەلەکەم بوو، شانۆیەکم بۆ شانۆی خەمی گەلەکەم بووە ئەمرۆ هەستم بەوە کرد، کە ماندو نەبوونیان لێکردم بەناوی گەلێکی هۆشـیارەوە ئەمە شەشەمین جارە خەڵات دەکرێم و ساڵی 72 خەڵاتی باشترین ئەکتەرم وەرگرت، کەبریتی بوو لە مێدالیای بابان، لەساڵی 77 خەڵاتی گەورەترین دەرهێنەری سەرجەم زانکۆکانی عێراقـم وەرگـرت، خەڵاتی پێشـانگای نیشانەی عێراقم وەرگرت، خەڵاتی زێڕینی رۆشنبیری سلێمانیم وەرگرت لە 70 ساڵی مێژووی شانۆی سلێمانی بەختیارم هەمیشە بەشـی شێرم هەبووەو شـانۆ و کارەکانیشم دیارە شایەتێکی زیندووەو لەبەردەم گەلەکەم و مێژوو وخودا.

ماجیـد ئەنـوەر بەڕێوەبەری سـەنتەری رۆشـنبیری و هونەری هیوای نوێ دەڵێت ”دیارە خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ کەسـانێکە کە شایسـتەی ئەوەن، سـاڵانێکی زۆر لەناو هونەردا کار دەکەن، سەبارەت بە مامۆستا ئەحمەد سـالار وتی: ئێمـە ماندوبوونی هونەرمەندەکـە لـە بەرچـاو دەگرین کە سـاڵانێکی زۆر لە بواری شـانۆدا کاری کردووە، ئێمە وەك سـەنتەرەکەمان توانیمان خزمەتێکـی بچـووك بـە گەورەیی ئەو هونەرمەندە بکەین. ئاماژەی بەوەشـدا کە لە داهاتوودا پـرۆژەو بەرنامەیان زۆرە بۆ خەڵاتکردنـی ئـەو هونەرمەندانە کە وەك هاوکارێکـی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری ئەو هونەرمەندانە بەسەرکەینەوە، وتیشی ئەم خەڵاتی ڕێزلێنانە ساڵانەیەو و لە چوار مانگـی کۆتاییدا هونەرمەندەکان بەسـەر دەکەینەوە. سـەبارەت بە خەڵاتی ڕێزلێنان بـۆ هونەرمەنـدە گەنجەکانیش وتی: ئەو هونەرمەندانە پانتاییەکی زۆریان لە بەردەمدایـە و دەتوانن کاری زۆر زیاتر بکەن.

هونەرمەند عومەر دڵپاك دەڵێت ”چل ساڵ و چوار مانگ بەر لە ئێسـتا بە دیداری هونەرمەنـدی ئازیز مامۆسـتا ئەحمەد سالار گەیشتم لەدوای بەیەك گەیشتنمان لـە بەغداد هەسـتم کرد کە ئەم کەسـە گەورەیە دوارۆژێکی پڕشنگداری دەبێت، بۆچوونەکەم بۆچوونێکی باش دەرچوو کە ئێسـتا گەورەیی و توانای ئەم هونەرمەندە لەناو هونەری کوردیدا دەردەکەوێت، یەکێکە لەو هونەرمەند و نووسەرە بەتوانایانەی کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین، شایەنی هەموو ڕێزلێنانێکە و پێویستە لەوە زیاتری بۆ بکرێت و زووتر ئەم ڕێزلێنانەی بۆ بکرایایە.

کارێکـی زۆر جوانـە خەڵات بەخشـین ڕێزێکـی تایبەتـی هەیەو بەشـێوەیەکی گشتی شـانازی کردنە، ئەوەی لای من لە خەڵات گرنگتـر و جوانتر و پیرۆزترن ئەو کەسـانەن کە خەڵات دەبەخشـن، ئەو کەسـەی کە خەڵات دەبەخشێت ئەو کەسە لە خەڵاتەکـە گەورەترە، ئەو هەنگاوانەی کە ئێسـتا دەنرێت بۆ بەخشـینی خەڵات هەنگاوێکـی زۆر پیرۆزەو دەستخۆشـی





بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خەڵات دەبەخشن و هونەرمەندان هەڵدەبژێرن بۆ ئەو ڕێزلێنانە. ئاماژەی بەوەشدا کە تەنیا خەڵاتی ڕێزلێنان با هونەرمەند نەبێت و ئەو کەسانەی دەستنیشانی ئەکەن بۆ خەڵات، شایەنی ئەو ڕێزلێنانەو ئەو خەڵاتە بن وەك هونەرمەند، خەڵات بکرێن ئەگەر لەڕووی ڕاستی بابەتەکەوە تەماشابکرێت، ئەم کارە پێویستە حکومەت بیکات و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەم کارە هەڵسێت خۆشحاڵە بەوەی ئەگەر حکومەتیش نەیکات، گرنگ خەڵاتی ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندەکان. ئاماژەی بەوەشدا کە تەنیا هونەرمەند خەڵات نەکرێت و ئەو کەسەی کە چەندین ساڵە خزمەت دەکات خەڵات بکرێت.

هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی" دەڵێ: ئەمە کەرنەڤاڵی خەڵاتی ڕێزلێنانە و زۆر پێویستە بۆ ئێستای میللەتی ئێمە واتایەکی قوڵی هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت لە ژیانی خۆیاندا مەزنە مرۆڤانی کورد هونەرمەندو ئەدیبانی کورد ئەوانەی ساڵانێکی زۆر ماندوبوون و کۆششیان کردووە، سوپاسی ئەو سەنتەرە دەکەم، کە رابەرێکی گەورەی شانۆی ئێمەیان لەیاد بوو، ڕێزلێنان لە مامۆستا ئەحمەد سالار ریزلێنان بوو لەهونەری کوردی و شانۆی کوردی و تیپە شانۆییەکانی کوردستان و هەموو ئەو هونەرمەندانەی لەسەرەتاکانی حەفتاوە کاریان لەگەڵ مامۆستا سالار کردووە، بەڕاستی ئەمڕۆ وامزانیوە ڕێز لە منیش دەنرێت، بەختەوەرم کە مامۆستاو هاوڕێکەی خۆمم بینیەوە ئەمڕۆ ئەم خۆشەویستیە زۆرەی پێشکەش کرا، دیارە کە شایەنی ئەو خۆشەویستیەو زیاتریشە. هونەرمەند یاسین قادر پێشیوایە لە هونەری کوردیدا داهێنان گرنگە، وتی:

هیوادارم ئەم ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندە گەنجەکانیشمان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هەنگاوەکانیان جێگیر بێت و سبەینێ پاشەڕۆژیان بگاتە ئاستی هونەرمەندانی وەك مامۆستا ئەحمەد سالار.

کەمال چالاکی هونەرمەند دەڵێت" ئەم خەڵاتی ڕێزلێنانە شتێکی پیرۆزە و جوانە بۆ هونەرمەندان و تەنیا ئەم خەڵاتە هونەرمەندان نەگرێتەوە بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە لەبوارەکانی تردا کاردەکەن بکرێت، ئەم ڕێزلێنانە بەردەوام بێت و شتێکی نوێ و جوانە بۆ هونەرمەندان و کولتوورێکی تازەیە بۆ ماندونەبوونی هونەرمەندەکان، پێم باشە ئەم ڕێزلێنانە بۆ هونەرمەندە گەنجەکانیشمان بکرێت بۆ پاڵپشتیان بۆ ئەوەی زیاتر کاربکەن و ئیشی جوانیان هەبێت. پێویستیشە لەلایەن حوکمەتەوە ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندان بکرێت.

کاوە ئەحمەد میرزا دەڵێ" مامۆستا ئەحمەد سالار تەمەنێکی دوور و درێژی لە شانۆی کوردیدا بەسەر بردووە، بەبێ وچان بەردەوام بووە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی هونەرمەندان بە تایبەت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شایانی لەوە زیاترە، ئەمەش کولتوورێکی نوێیە و هەنگاوێکی باشە کە هونەرمەند لە تەمەنی خۆی و لە ژیانی خۆیاندا ڕێزیان لێبگیرێت، هونەرمەندان بۆ لەدوای مردن پیاهەڵدانی بۆ بکرێت، با لەکەرنەڤالێکی وادا ریزی لێبگیرێت بۆئەوەی کەمێك وەفای بەینەوەو ئاگاداری کەینەوە لە خۆشەویستی خۆمان.



## پەیوەند جاف:

# بە مەبەستی لە ئاهەنگی کۆنگرەی 13 پارتی هاتوومەتەوە



**گوڵان:** لە سەردانی ئەم جارەت بۆ کوردستان چی کارێکی هونەریت لەژێر دەستە؟

**پەیوەند جاف:** سەردانی ئەم جارەم بۆ کوردستان بۆ کۆنگرەی سیانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتکراوم، بۆدەستپێکی کۆنگرەکەو بۆماوەی هەفتەیەك دەمێنمەوە. هەروەها بەنیازم کە گەڕامەوە کۆمەڵێك ئاهەنگ لەشارەکانی یۆتۆبۆری و ئەڵمانیا لەندەن بۆسەری ساڵ ئەنجام بدەم.

**گوڵان:** بەڕای تۆ جیاوازی نێوان ئاهەنگ و کۆنسێرت چییە؟

**پەیوەند جاف:** جیاوازیان ئەوەیە کاتێك خەڵك دێت بۆکۆنسێرت تەنیا گوێ لەگۆرانیەکان دەگرێت بەدڵەوە، بەڵام کاتێك خەڵك دێت بۆئاهەنگ دەتوانم بڵێم هەر ئاگاداری گۆرانیەکان نییە و نازانێت چیش دەگوترێت، تەنیا بۆهەڵپەڕین دێت.

**گوڵان:** ماوەیەکە پەیوەند جاف بێدەنگە، هەست ناکەی کە زوڵمێك لەهەوادارانت دەکەی؟

**پەیوەند جاف:** راستە، بەڵام حەزناکەم زۆر گۆرانی بڵێم، کاتێك گۆرانیەك بڵێم پێمخۆشە لەنێو خەڵك بمێنێتەوە، حەزیش ناکەم گۆرانیەك بڵێم دوایی لێی پەشیمان ببمەوە، ئێستاش خەریکی بەرهەمێکی تازەم چەند گۆرانیەك لەبەرهەمەکەم تەواو بووە و وردەوردە خەریکیم، نازانم کەی تەواو دەبێت، تاکو ئێستاش هیچ ناوێکم بۆ بەرهەمەکەم دانەناوە.

**گوڵان:** بەرهەمی پێشووت "هەڵکەوت زاهیر" کاری بۆکردی، ئایا بەرهەمی ئەم جارەشت لەلایەن ئەوەوە دەبێت؟

**پەیوەند جاف:** نەخێر، کاری ئەم جارەم پێوەندی بە "هەڵکەوت زاهیر"ـەوە نییە. ئەم جارە کارەکانم جۆرێکی ترە، کۆمەڵێك هونەرمەند کاریان بۆکردووم وەکو "هێمن حوسێن، دیدەن، عارفی شەکوری" ئەم برادەرانە کاریان بۆکردووم. هەروەها گۆرانیەکیشم لەتورکیا ئامادەکردووە و گۆرانی هەڵپەرکێ و ئاشقان و هەورامی و کۆمەڵێك مەقامیشی تێدایە.

**گوڵان:** هەڵبژاردنی تێکست تاچەند سەختە بەتایبەتی تێکستی هەورامی؟

**پەیوەند جاف:** خۆم پەرتوکێکم هەیە کەفەرهەنگی گۆرانیە کوردییەکانە، شێوازی گۆرانیەکەی هەورامیە بەڵام تێکستەکەی سۆرانیە.

**گوڵان:** تاکوئێستا تێکستی کلاسیکت بەکارهێناوە؟

**پەیوەند جاف:** بەڵێ، تێکستی کلاسیکم بەکارهێناوە بۆ گۆرانی وتن. گۆرانی خۆی تێکستی تایبەتی هەیە، دەبێت وشەکانی سادەو ساکار بێت.

**گوڵان:** بەڕای تۆ کلیپ تاچەند گرنگە بۆناساندنی هونەرمەند؟

**پەیوەند جاف:** کلیپ زۆر گرنگە بۆهونەرمەند، بەڵام کلیپ تەواوکاری دەنگەکەیە ئەگەر دەنگخۆش نەبێت کلیپەکە بۆماوەی هەفتەیەکەو تەواو نامێنێت، ئەگەر دەنگەکە خۆش بێت و کلیپەکە جوان بێت، ئەوکات هونەرمەندەکە سەرکەوتوو دەبێت. ئێستا کلیپەکان بەدەگمەن هەن جێگەی پەنجەیان دیاربێت.

***پەیوەند جاف یەکێکە لەو هونەرمەندە دەنگ خۆشانەی ئێستا بەسەردانێك گەڕاوەتەوە کوردستان، لەدیمانەیەکدا بۆگۆڤاری گوڵان باس لەدوایین کاری هونەری خۆی دەکات.***



**گوڵان:** گەر سەیر بکەین "پەیوەند جاف" کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە، دەتوانین بڵێین بەمنداڵیش هێمن و لەسەرخۆ بوویت؟

**پەیوەند جاف:** بەراستی بەمنداڵی، منداڵێکی هاروهاج بووم، کاتێك منداڵ بووم زۆر حەزمدەکرد لەدەرگای ماڵان بدەم و رابکەم. زۆرجاریش لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکەمان شەڕم دەکرد.

**گوڵان:** رۆژانە زیاتر بەچییەوە خەریکی؟

**پەیوەند جاف:** رۆژانە زۆر حەزدەکەم پیاسە لەنێو سروشتێکی جوان بکەم، بۆماوەی کاتژمێرێك پیاسەدەکەم پاشانیش لەگەڵ هاوڕێی میوزیکژەنەکان کۆدەبینەوەو گفتوگۆ لەسەر کاری هونەری دەکەین. کاتەکانی تریشم لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەم بەسەردەبەم.

**گوڵان:** ئەگەر یەکێك لەتیڤیەکان داوات لێبکات بۆپێشکەشکردنی بەرنامەیەك تاچەند ئامادەی؟

**پەیوەند جاف:** لەوانەیە بتوانم بەرنامە پێشکەش بکەم، بەڵام ئەم کارە پێوەندی بەگۆرانی گوتنەوەوە نییە، ئەمە کارێکی ترە دەبێت زۆر پرۆفێشناڵ بیت، ئینجا ئەم کارە بکەی زۆر لەهونەرمەندان ئەم کاریان کرد، بەڵام زیاتر رەخنەیان لێگیراوە لەجیاتی دەست خۆشی.

**گوڵان:** گەر داوات لێبکرێت بۆبەشداری کردنت لەفیلمێکی سینەمایی تاچەند ئامادەی؟

**پەیوەند جاف:** ئەگەر فیلمەکە لەئاستێکی بەرز دابێت زۆرم پێخۆشە.

**گوڵان:** رات چۆنە بەرامبەر خۆشەویستی، دەتوانین بڵێین ژیانی هاوسەریت بەخۆشەویستی پێك هێناوە؟

**پەیوەند جاف:** ژیان بەبێ خۆشەویستی نابێت، گەر خۆشەویستی نەبێت ژیان دەوەستێت، ژیانی هاوسەریم بەخۆشەویستی پێکهێناوەو ئێستاش خاوەنی کوڕێکم بەناوەی "ئاران".

**گوڵان:** لەگەڵ جگەرەکێشان چۆنی؟

**پەیوەند جاف:** جگەرە دەکێشم، بەڵام بەشێوەیکی کەم. هەربیرم نییە جگەرە بکێشم گەر بیرم نەخەنەوە.

**گوڵان:** گوایە بەشداریت لەئاهەنگی زەکەریا کرد و لەگەڵ جەیلانە گۆرانیت وت، ئەمە تاچەند راستە؟

**پەیوەند جاف:** بەڵێ، بەشداریم کرد هەموو ئەوگۆرانیبێژانەی کە ئامادەبوین، گۆرانیمان وت.

فۆتۆ: سەفین ئیسماعیل





## هاوتا

# به (چریکستان) دژی توندوتیژی دەوەستنەوە

دوای ئەوەی هونەرمەندی ناسراو (هاوتا ئەسعەد) گۆرانی (چریکستان)ی تۆمار و کلیپ کرد، ئەو گۆرانییە بەشێوەیەکی چاك ئامادەکاریی کاری تۆمار کردن و کلیپ کردنی بۆ ئەنجام دراوە، ئەو گۆرانییە جیا لەهەموو بەرهەمەکانی پێشووتری (هاوتا) ناوەڕۆکەکەی باس لە بابەتێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش توندوتیژیە دژ بە ئافرەتان و کوشتنیان بە ناهەق، ئەو گۆرانییە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە ئەرکی بەرهەمهێنانی لە ئەستۆ گیراوە..

(هاوتا ئەسعەد) دەربارەی ناوەرۆکی (چریکستان) دەڵێ "ئەو گۆرانییە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە بەرهەم دەهێندرێت و خەرجیەکەی لە ئەستۆی ئەواندابووە.

# مادلین حەز ناکا ئافرەت بشکێت



خانمە هونەرمەندی لوبنانی مادلین مەتەر لە دیمانەیەکدا گوتی: من تەحەدای خۆم دەکەم لە کاتی گۆرانی گوتن لە ڕێگای ئەو بابەتانەی دەمەوێ ئاماژەیان پێ بکەم و ئەو پەیامەی دەمەوێ بیگەیەنم بەتایبەتی بڕوا بە خۆبوون و هێز کە دوو ڕەگەزی گرنگی سەرکەوتنی هەر ئافرەتێکن، هەروەها بە هەموو شێوەیەك ڕقم لەو جۆرە ئافرەتانەیە کە هەست بە شکان بکەن بێ ئەوەی هەوڵ بدەن، زۆر ئاساییە ئافرەت هەندێك تەنازول بکات، بەڵام نەك بەو شێوەیەی ئێستا هەیە و پێویستە لێك گەیشتنێکی پتەو هەبێت لەنێوان پیاو و ئافرەت بەتایبەتی لە پێوەندی خۆشەویستیدا، سەبارەت بە خۆیشم هەست دەکەم تا ئێستا خۆراگرم.

# ویستگەی چاوەڕوانی بە سەرکەوتوویی نمایش کرا

ڕۆژانی 30/11-2/12/2010 و لە درێژەی وەرزی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری شانۆگەری (ویستگەی چاوەڕوانی) بە سەرکەوتوویی و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر نمایشکرا، ئەم شانۆگەرییە کە لە پاڵەوانیەتی دلڤین موحسین و هێرۆ مەولودی و عەبدولرەزاق عەبدوڵڵایە باس لە مەینەتییەکانی شەڕ دەکات کە چۆن دەبێتە هۆی پەرتەوازە بوونی و لێکدابڕانی خۆشەویستان و چۆن مەرگەساتی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
ئەوەی شایەنی باسە ئەکتەرانی نمایشەکە ڕۆڵەکانیان زۆر بە سەرکەوتوویی بەرجەستە کرد و مایەی ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو.
* دەبارەی ئەم شانۆگەرییە وتارێکی تێروتەسەلی مامۆستا (خەلیل یابە) لە ماڵپەڕی گوڵان بخوێنەوە.

**فۆتۆ/ جیهانگیر گەردی**



## مهاباد:

# بۆ نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستان دەبێت

خانمە هونەرمەند مهاباد بۆماوەی یانزەساڵە لەدەرەوەی کوردستان لە وڵاتی ئەمریکا ژیان بەسەردەبات. بەنیازە لە نەورۆزی ئەمساڵ بگەڕێتەوە کوردستان بۆسازدانی چەند ئاهەنگێك.
مهاباد لەلێدوانێك بەگوڵانی ڕاگەیاند نەورۆزی ئەمساڵ دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ سازدانی چەند ئاهەنگێك لەشارەکانی کوردستان، حەزدەکەم گۆرانیەکانم بەشێوەی چەند ئاهەنگێك بۆ هەوادارانی خۆم بڵێم و خۆم پیشانی جەماوەری خۆم بدەم.
هەروەها ئاماژەی بەوەشدا، بەنیازە بۆسەری ساڵ چەند ئاهەنگێك لەکەندا سازبکات و ئاهەنگێکیش بۆ کۆماری مهاباد سازبکات.



# سەلما بەتەنیا پێویستی بە جوانی نییە


سەلما حایکی ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیۆد دانی بەوە نا کە ئێستا دڵنیایە لەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا جگە لە جوانی پێویستی بە چەندین تایبەتمەندی دیکە هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و بتوانێت ڕۆڵەکانی بە باشترین شێوە، ببینێت ئەمەش ڕاستییەکە بە ئازارە، بەڵام ئەمە ڕاستییە و کەس ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە.
سەلما وتی: ئەم ڕاستیەم بۆ ڕوون بۆوە لە کاتی بەشداریکردنم لە فیلمی (گرۆن ئەپس) چونکە بۆی دەرکەوت ئەوانەی بەشدار بوون تێیدا چەندین بەهرەیان هەبوو و زۆر بە سەرکەوتوویی کارەکانیان ئەنجامدەدا ئەمەش وایکرد کە دیمەنەکان جیاوازیان پێوە دیار بێت، ئەمانە هەموویان پێویستن بێ ئەوەی تەنیا پشت بە جوانی خۆیان ببەستن.




www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

## هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ:

# گەورەیی عەدنان کەریم لەوەدایە کە لەناو شیعرەکەدا دەتوێتەوە



***هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆ ناوێکی دیارە لەدنیای هونەری کوردیدا، کەم کەس هەیە گوێی لەگۆرانییەکانی نەگرتبێت، ئەو لەسەختترین کاتدا بەگۆرانی وتن هەڵوێستی خۆی نواندووە. تەمەنێکی پڕ لە خزمەت کردن بەهونەری کوردی ناونیشانی ئەزموونی هونەری هونەرمەند رزگار رەنجەڕۆیە. جگە لەکاری هونەری هەوڵیداوە وەك پسپۆڕێك لەبواری راگەیاندن و مامۆستای زانکۆ خزمەت بکات، بەنیازیشە لەداهاتوودا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین هونەرمەندی کورد کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت.ماوەیەکی زۆرە بێدەنگە و لە هیچ دیمانەیەك بەدیار نەکەوتووە، ئێمەش بۆ زانینی نهێنی ئەو بێدەنگییە و باسکردنی ئێستای هونەری کوردی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی گەش لەژیانی هونەری خۆیدا بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدەین.***

***بەشێوەیەکی گشتی رات چییە دەربارەی ئێستای هونەری کوردی؟**

_لەئازادبوونی هەر میللەتێك زۆر شت بەرەو گۆڕان دەڕوات،بەرەو پێشکەوتن دەڕوات،هونەر ناسنامەی گەلە، بەتایبەتی گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد کە تاکو ئێستاش نابێت وابیر بکەینەوە دوژمنەکانمان خەوتوون، چونکە خۆیان مەڵاس داوە بۆ ئەوەی پەلامارمان بدەن و ئەنفالمان بکەن.کە ئێستا ناتوانن ئەنفالمان بکەن، هەوڵ دەدەن هەندێك کەس لێرە و لەوێ ناسنامەکانمان بشێوێنن. تۆ سەیر بکە رژێمی بەعسی هەموو هێزێکی بەکارهێنا نەیتوانی ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە، بەڵام یەکێك دێت بەناوی پێشکەوتن و نوێخوازی و ستایلی نوی هەموو هونەرەکەت لێدەشێوێنێت. هەرچەندە گەلی کورد گەلێکی هۆشیار و زیندووە، زمان و کولتوورێکی زیندووی هەیە، وایکردووە ئەو بەرهەمانە چەند رۆژێك گوێی لێبگیرێت و دواتر نامێنێت، بەڵام ئەگەر لەمن بپرسن رای تۆ چییە؟ ئەوە شێواندنێکی زۆر ئاشکرای هونەری کوردییە. بەدەیان ئەو بەرهەمانەی لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان دەیبینین هیچ پێوەندییان نییە بە هونەر و موزیکی کوردی، خەڵك ئەوەندە هۆشیارە ئێستا لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێت گۆرانییە دزراوەکانیان ئاشکرا کردووە ئاوازە عەرەبیەکە یان تورکی یان فارسی هێناوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو ئاوازانەی کە دەڵێن ئاوازی منە و لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێت، دەبینیت هەمان ئاوازە.

***هەندێك هونەرمەند گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆچی هاوکاری ئەو کەسانە دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە؟**

_من گلەیی لە دەسەڵات ناکەم، کەسێك دێت هەموو شتێکی دەدەیە دەست، بەڵام

ئەو راستگۆ نییە دەسەڵات چی بکات، بەگشتی هونەرمەندانیش هەڵوێستیان نییە، دەبێت هەموو هونەرمەندان پرۆتستۆ نامەیەك بنووسن و ئیمزای بکەن و بیبەن بۆ دەسەڵات بڵێن ئەم ستایلە هیچ خزمەت بە هونەری کوردی ناکات. ئەمە پێشکەوتنی مۆسیقا نییە، بەڵکو درۆکردنە لەگەڵ هونەری کوردی. ئەمە پێی دەوترێت شێواندنی هونەری کوردی. ئەو وڵاتانەی خاکی ئێمەیان داگیر کردووە دەرگای ستۆدیۆکانیان بەڕووی ئێمەدا کردۆتەوە، ئەو موزیکژەنە بیانیانە بە فارسی یان تورکی کاری مۆسیقا ئەنجام دەدات منداڵێکی کورد بەکوردی گوێی لێنابێت، ئەو مۆسیقایە مۆرکی نەتەوەیی موزیکژەنەکەی پێوە دیارە.

***وەك پسپۆڕێك لەبواری راگەیاندن و وەك هونەرمەندێك رات چییە دەربارەی رۆڵی راگەیاندنی کوردی لەبواری هونەردا؟**

ـ جێگەی خۆشحاڵیە کە راگەیاندنی کوردی بەرەو پێشەوە چووە، خۆشبەختانە ئێمە راگەیاندنی ئازادمان هەیە ئەمە بەمێژووی راگەیاندن دەژمێردرێت. بەڵام تاچەند رۆڵی خۆی بینیوە و راگەیاندنی راستەقینەیە ئەمە پرسیارەکەیە. بێگومان کەموکورتی زۆرە.

***پێتوایە تا چەند ساڵی تر راگەیاندن و هونەری کوردی دەگاتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان؟**

ـ تەنیا هەنگاوێك بۆ بەرەو پێشچوونی گشت بوارەکان، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە، پاراستنی ئەم کیانەی ئێستایە، هەستی نەتەوایەتی کاتی خۆی چەند بەرز بوو، دەبێت ئێستا دوو ئەوەندە بەرزتر بکرێتەوە. ئاستی زانست و خوێندن بایەخی پێبدرێت و هەوڵ بدرێت بۆ بەئەکادیمی کردنی سەرجەم بوارەکان. وەك ئەڵمانیای دوای جەنگی جیهانی دووەم کە بیست ساڵی نەخایاند هاتەوە سەر رێچکە و شارستانیەتی خۆی.

***بۆچی ماوەیەکە بێدەنگیت و بەرهەمت نییە؟**

ـ هونەر لەوڵاتی ئێمە هێشتا سەنگی وەك پێویست نییە، هەندێك بەرهەمی زۆر جوانم هەیە، گەیشتمە ئەو بڕیارەی زۆر زەحمەتە هونەرمەندێك 40 ساڵ لەناو هونەردا بێت بەماوەی شەو و رۆژێك بڵێت ناتوانم کاری هونەری پێشکەش بکەم. هەوڵ دەدەم ئەوەندەی پێم بکرێت بەهەر رێگەیەك بێت خزمەتی نەتەوەکەم بکەم.



***تا ئێستا چەند بەرهەمت هەیە؟**

ـ دەزانم هەموو ژیانی خۆم بۆ خزمەتی هونەر و میللەتی خۆم تەرخان کردووە. لە کۆڕەوەکە تەنیا من و هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم بەرهەممان پێشکەش کرد، ئەو (کۆچی کوردان) منیش (تاکەی کوردستان نەورۆزی ساڵ بێت)، لەکاتی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیاباران بەرهەمم پێشکەش کرد، لەکاتی بەیاننامەی یازدەی ئازار کە تەمەنم نۆ ساڵ بوو سروودێکم ئامادە کرد بۆ رادیۆی کوردی، بۆیە لای من گرنگ نییە چەند بەرهەمم هەیە گرنگ ئەوەیە تاچەند خزمەتی هونەری کوردیم کردووە.




***بەبەراورد لەگەڵ ئەو کارە هونەریانە لەو کاتە سەختانەدا هەست ناکەی مافی تەواوی خۆت پێنەدراوە؟**

ـ نەخێر بۆ هەست بکەم مافم خوراوە.

***زۆر هونەرمەند گلەیی دەکەن دەڵێن مافمان خوراوە؟**

ـ هەر کارێکی هونەریم کردبێت بۆ ویژدانی خۆم بووە و دواتر وەك پێشمەرگەیەك خزمەتی میللەتی خۆم کردووە. قەت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد پاداشت بکرێم و چاوەڕوانیش ناکەم. لەبەر ئەوەی تۆ کە شتێك دەکەی بۆ میللەتی خۆت نابێت چاوەڕوانی پاداشت بێت.

***زیاتر ئارەزووت لەکاری هونەرییە یان راگەیاندن یان بواری تر؟**

ـ زۆر حەزم لەشیعرە، هەندێك شیعری جوانم هەیە هیوای ئەوە دەخوازم رۆژێك لەرۆژان چاپیان بکەم. کە دیوانێکی شیعری دەبینم حەز دەکەم ئەوکاتە بیخوێنمەوە. من گەورەیی هونەرمەندێکی وەك عەدنان کەریم لەوەدا دەبینم کە لەناو شیعرەکەدا دەتوێتەوە. بۆیە ئاواز و هەست و سۆزی بەئاسانی دەردەبڕێت.

***پێتوانییە بە بەراورد لەگەڵ هونەرمەند عەدنان کەریم ئەو زیاتر بەرهەمی پێشکەش کردووە لەماوەی رابردوودا؟ هۆی ئەمە چییە؟**

ـ زۆر هەوڵمدا، بەڵام هەستی نەتەوایەتی ئەوەندە کاریگەری هەبووە، پێموابوو هونەر بەس نییە بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەکەمی پێبکەم. هەوڵمداوە لەرێگەی جۆراوجۆر. لەماوەی ئەو سی ساڵەی لەدەرەوە بووم زیاتر لە بیست فیستیڤاڵی جیهانی بەشداریم کردووە. ساڵی 1988 لەگەورەترین فیستیڤاڵی جیهانی بەشداریم کرد.

***گوێ لە دەنگی کام هونەرمەند دەگریت؟**

ـ کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان ئاینور، عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، مەقامەکانی مامۆستا تایەر تۆفیق، نازدار و فاتیح و زۆر هونەرمەندی تر. دەنگی زۆر بەسۆز هەیە ئەوەی هەستم بجووڵێنێ گوێی لێدەگرم.

***زۆر باسی هونەرمەند عەدنان کەریم دەکەی پێدەچێت پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوانتان بەهێز بێت؟**

ـ کاك عەدنانم خۆشدەوێت، چونکە هونەرمەندێکی رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێستە، رێز لەهەموو ئەوانە دەگرم کە رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێستن.

***دوا وتەت چییە بۆ گەنجان؟**

ـ دەبێت هەموو گەنجەکان پشتگیری لە کاك نێچیرڤان بارزانی بکەن، گەنجێکی ئازا و چاونەترسە،دەبێت گەنجانی ئەمرۆ بەردەوام بن لەهەوڵدان و پشتگیری کاك نێچیرڤان بکەن بۆ خزمەتکردنی کوردستان.